**وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان**

**ژمارە:١٠٢٧ لە ٢٩/٤/ ٢٠٢١**

پاڵپشت بەبڕگەی (شەشەم) لە ماددەی(٢)ی پەیڕەوی دیاریكردنی ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرانی دارایی و ئابووری و تەندروستی، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد:

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی دیاریكردنی مافی بەركەوتووی چەكی كیمیاوی

**ماددەی(١):**

بەركەوتووی چەكی كیمیاوی هەر كەسێكە كە لە ئەنجامی تاوانی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لەلایەن ڕژێمە داپڵۆسێنەرە یەک لەدوای یەكەكان لە كوردستان، زیانی جەستەیی بەركەوتبێت و كاریگەریەكانی بەردەوامبێت.

**ماددەی(٢):**

لیژنەی پزیشكی پسپۆر كە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە پێكدەهێنرێت بۆ پشكنینی بەركەوتووی چەكی كیمیاوی، كاریگەری و ڕێژەی بەركەوتەییەكەی دیاری دەكات.

**ماددەی(٣):**

بەركەوتووی چەكی كیمیاوی بۆ تۆماركردنی، داوایەک لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان پێشكەش دەكات و دوای ڕێكخستنی دۆسیەكەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوانەوە ئاراستەی وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان دەكرێت بۆ پەسەندكردن و ناردنی بۆ لیژنەی پزیشكی.

**ماددەی(٤):**

هەركەسێک ڕێژەی بەركەوتەییەكەی لە (٤٠%) و زیاتربێت و لەلایەن وەزارەتی تەندروستی پشتراستكرابێتەوە، بەمەبەستی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری چارەسەری تەندروستی بێبەرامبەر لە نەخۆشخانە حكومییەكانی هەرێمی كوردستان دەفتەرێكی چارەسەری بۆ دروستدەكرێت.

**ماددەی(٥):**

ئەوانەی كە ماددەی(٤)ی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە پاش پەسەندكردنیان لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە فەرمانی وەزاری لە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان مینحەیەكی مانگانەیان پێدەدرێت بەپێی ڕێژەی بەركەوتەییەكەیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە(٤٠%) تا ( ٦٠ %)بێت، مینحەیەکی مانگانەی بە بڕی (٢٥٠,٠٠٠)دووسەد و پەنجا هەزار دینار بۆ دیاری دەکرێت.

**دووەم:** بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە (٦٠%)و زیاتر بێت مینحەیەکی مانگانەی بە بڕی (٤٠٠,٠٠٠)چوارسەد هەزار دینار بۆ دیاری دەکرێت.

**ماددەی(٦):**

مینحەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بەو بەرکەوتووانە دەدرێت کە هیچ مووچە و مینحەیەکی تریان نیە، جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی و گیراوی سیاسی و سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٥ ( یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

**ماددەی(٧):**

مینحەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تایبەتە بەوانەی ماددەی (٤)ی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە و لە کاتی کۆچی دواییان بۆ پاشەنشینەکانیان(وارسەکانیان) ناگوازرێتەوە.

**ماددەی(٨):**

کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(٩):**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)جێبەجێدەکرێت.

**عبداللە حاجی محمود**
**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**